# میرمحەمەدی رواندوز

# و

# نسکۆی میرنشین

**عادل شاسواری**

**پێشەکی:**

مێژووی گەلێك نی‌یە لەم جیهانەدا، کە دابەش نەبێت بۆ سێ رەهەندی سەرەکی ( قارەمانیەتی‌و سەربەرزی، نسکۆو ژێردەستی، ترسنۆکی‌و خیانەتکاری ) کوردیش وەك هەر گەلێکی دی بە هەمان شێوە تانو پۆی مێژووەکەی لەو سێ مەودایە هەودا کراوەو لەگەڵ زەمان و زەمینی کوردیدا چنراوەو لەگەڵ حاڵ و رەوشی تایبەت بە خۆشی شێلراوە.

بۆیە دەبێ لە خوێندنەوەی مێژووماندا بوێر بین و ساناو بێ گرفت بە دوی ترشی خۆمان بڵێین ترشەو لە پێناو سپێدەیەکی پڕ لە چریسکەو گەشی دەم بە خەندەدا بە ئەمڕۆو ڕابردوومانداا هەڵژنێین و بە ڕووداوەکاندا ستوونی ڕۆبچین و زامە بە سوێکان و هەڵە گەورەکان و خیانەتە کاس کارەکان دیاری بکەین و بژار کەین هەڵەو خەتا..

پە نجە لەسەر هۆکارەکان دابنێین و بە خراپ بڵێین خراپ و بە ویژدانیش بین جاوی دوێنێ بە گەزی ئێستا نە پێوین .. بە چاکیش هەزار جار بڵێین چاك و شانازی بگەین بە ڕەشەبایەك لە مێژووی پڕ هەڵمەتمانەوەو بە بارانێك لە بەهاری هەوڵ و تەقەللامانەوەو بە زنجیرەیەك لە شۆڕشی نە پساوەی پڕ لە رووباری رەنج و شاری ژیارو قەڵای بەڵای بەرلووتی ناحەزا نمانەوەو بە مێزەرو عەمامەی ڕیش سپیان و پیاوی دنیاو ئاخیرەتی ئەم دینەمانەوە.

کورد وەك گەلێكی چەوساوەو ماف زەوت كراو، لەپێناو ئازادیو سەربەخۆییدا، لەپێناوی كیانێكی دان پیانراوی ئیقلیمیو جیهانیدا چەندان شۆڕشی بەرپا كردووە، تا ئێستا چەندان جار بێ هیوا بووەو دیسان لە نوێ تێ هەڵچووەتەوە، ئەوەی لەلا دروست بووە كە پێویستە بە دەستی خۆی سەری خۆی بخورێنێو بە دەنگی خۆی داوای ڕای گشتی جیهانی بكاو بتوانێ لە پێگەی دەسەڵاتدا كورسی كیانێك بۆ خۆی بەناوی (ئۆتۆنۆمی) یان (مافی چارەی خۆنووسین) یان (حكومەتێكی لامەركەزی) یان (میرنشینێكی سەربەخۆ) مسۆگەر بكات.

جا ئەگەر هەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری لاپەڕەكانی مێژووی تەمەن و خەباتی پاشای ڕەواندز بكەین، دەبینین: كە سێتی‌یەكی وەكو پاشای كۆرە بەردەوام لە هەوڵێكی بێ وچاندا بووە بەرامبەر بە دروست كردنی ئەو كیانە بۆ كوردی دەڤەری سۆران.

وەكو چۆن (دەفتەری یادەوەری) ڕۆژانەی مرۆڤێك دەگێڕێتەوە بە هەمان شێوەش (دەفتەری مێژوو) یادەوەری گەلێك دەگێڕێتەوە .. لە جیهاندا مرۆڤ بە كۆمەڵ مێژوو دروست دەكات، بەڵام لای ئێمە لە زۆربەی تاف و شۆڕشەكاندا (دەفتەری یادەوەری) سومبولەكانی شۆڕش بووەتە هەمان مێژووی گەلەكەمان لەو شوێنكاتەدا(1) .. چونكە ئەوەندەی دەسەڵات هەرەمی بووەو سەركردەی بزاڤەكە بووەت كاراكتەری سەرجەمی بزووتنەوەكەو راڤەو پەیكەڵی شۆڕشەكەی لەژێر كۆنترۆڵدا بووە دەستەڵات دەستەیی یان شەبەكەیی نەبووە، لەگەڵ هەر ئیجابیاتێكی ئەم خەسڵەتەدا سلبیاتەكەی لەوەدا دەركەوتووە كە ئەگەر لە هەر ڕووداوێكدا سەری هەرەمەكە تووشی نسكۆ بووبێت باگراوندێك نەبووە قەواعد بگرێتەوەو وورەو تین و تاویان پێ ببەخشێتەوە بۆیە لە زۆربەی حاڵەتەكاندا قەواعید مان و نەمانی لەگەڵ سەركردەدا بووە، (2) كەسێتی (محمد پاشای ڕەواندز) یەكێكە لە نموونەی سومبولەكانی شۆڕشی كوردی، ((جێمس بێڵ فرێزەر)) لەسەری ئەنووسێ:

((خودی كەسێتی پاشای كۆرە وای كردبوو، بە بەڵگەی ئەوەی كە پێش ئەو و دوای ئەویش میرنشین هەر هەبووە بەڵام ناوی بێ ناوەڕۆك بووە)) (3) هەروەها دكتۆر كاوس قەفتان ئەڵێ: ئەم میرنشینە مێژووی دروست بوونی زۆر پێش ئەو بەروارەیە بەڵام گرنگی دەوری لەو شانزە ساڵەدا بووە)). (4) – مەبەستی 1820 بۆ 1836 بووە كە میر محمد سەركردەی میرنشینەكە بووە –

## <u>سەرەتای دەست بەكاربوون:</u>

محمد پاشای كوڕی مستەفا بەگی رەواندز لە تەمەنی 31 ساڵیو لە ساڵی 1831دا جڵەوی میرنشینی سۆرانی گرتە دەست، ئەو كێشەو مل ملانێ‌یەی نێوان بنەماڵەكەیان و مام و خزمانی خۆی بە هەڕەشەو تەمێ كردن یەك لاكردەوەو قەڵەم ڕەوی خۆی لە ئاشووب و كێشەی ئەوان پاك كردەوە.

ستیڤن هێمسلی لۆنگریك ئەڵێ: ڕەواندز شارێكی زۆر كۆنەو لە سەددەكانی ناوەڕاستەوە شارێكی بەهێزو خاوەن رۆشنبیری بووە)) (5) پاشای كۆرەش كردوویەتی بە پایتەختی میرنشینەكەی خۆی)).

پاشای کۆرە هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونیەوە دەکۆشا بۆ ئەوەی هەستی کورد پەروەریو خۆشەویستی نیشتمان و زمان دۆستی بکاتە هۆکارێك بۆ جۆش دانی دەروونی قەڵەم ڕەوەکەی دژ بە عوسمانیەکان و لەپێناو زیادکردنی دەستەڵاتی میرنشینەکەیدا، (نەتەوەی ژێردەست، بوونی خۆی بە دوو شت، بە دوو چەك دەپارێزێ: ئایین و زمان. گەر ئایینی هەردوو نەتەوەی سەردەس و بن دەس یەکبێ، ئەوا زمان تاکە چەك دەبێ ) (6) هەر بۆیە ئاوازی بانگەواز بۆ ئازادی لەڕێی ژێی ((کورد))ی بوونەوە نەغمەی بەجۆشی بوو بوو تا شتێکی تر چونکە کوردیش وەك تورك ((عوسمانیەکان)) خۆیان بە موسوڵمان دەزانی.

میر محمد پشت ئەستوور بووە بەلایەنی سرووشتیو هەڵکەوتنی ناوچەکە، بڕاوی وابووە کە ئەیپارێزێ لەدەست بێ گانە، داگیر کردنی قەڵایەکی بچووکی ئەو ناوچانە 30 – 40 رۆژی ئەوێت. (7) سەرەڕای ئەمەش شوورەیەکی بەدەوری رەواندزدا کێشا چەندین قەڵاو قوللەیەکی زۆری لە ناوەوەو دەرەوە دروست کرد، سنووری میرنشینی فراوان کردو بێجگە لە رەواندز و بڵباس و کۆیە و رانیە و هەولێر چەندین شوێنی تری وەکو موصل و بادینان و ئاکرێ و ئامێدی و ماردین و چەندین تری خستە سەر سنووری میرنشینەکەی. (8)

سەرەڕای ئەوەش کە ((رەواندن)) سەرەرێگای بازرگانی بوو کە ئەمە بۆ راگیرکردنی هاوکێشەی ئابووریو بۆ تەبەننی کردنی لایەنی سیاسی گرنگ بوو.

بێ گومان لاوازی دەوڵەتی عوسمانی بە (پیاوە نەخۆشەکە) خۆی ناوزەد کردبوو، هۆکارێکی تری پەرەسەندن و فراژ بوونی میرنشینەکە بوو .. میر محمد ئەوەندە بەهرەمەند بوو بوو لەلایەنی ماددی ئەو سەردەمەوە، بەهۆی دۆزینەوەی کانی ئاسن و قەڵایی لە چیاکانداو دروست کردنی کارگەی چەك و جبەخانە کە ووردو درشتی چەکی ئەو دەمەی بۆ لەشکرەکەی بەرهەم ئەهێنا  تا مێجەر فریدریك میلینگن بەو هەڵکشانە ماددیە ئەڵێ: گەنج.

دکتۆر کاوس قەفتان هۆکاری دروست کردنی تۆپ و قەڵاو پردەکانی ئەو سەردەمەی میر ئەگێڕێتەوە بۆ بوونی ئەم سامانە زۆرە. (9) هەر لەو کارگەیەدا زیاد لە (200) لوولە تۆپ دروستکرا، کە تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت نموونەیان لەبەر دەرکی قەڵای رەواندزدا بۆ یادگاری میری سۆران ماونەتەوە.

دەستەیەك لە زانایانی موسڵمانی ئەو چەرخەی لە دەشتی (حەریر)دا کۆکردەوەو دەرگایەکی ((هەوالگری)) پێ دروست کردن بۆ ناوخۆو دەرەوە، سەرەڕای دانانی مێژوونووس بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکان و ڕێکخستنی فەرمانگەو بەڕێوەبەرێتیەکان لەشێوەی حکومەتداو دانانی موچەی مانگانە بۆ کارمەندان. پاش راگەیاندنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان لە ووتاری هەیینیدا ناوی ئەخوێنرایەوە. (10) بۆ ئەوەی لە ڕووی ئابووریەوە خۆی سەری خۆی بخورێنێ سکەیەکیشی لێداو بوو بە خاوەنی دراوی خۆیو ڕایگەیاندنی حکومەتەکەشی لەلایەن (حکومەتی قاچاری ئێرانی)و (علی رەزا شای بەغدا) وە دانی پیانرا.

**کۆسپی ڕێو نسکۆی میرنشین:**

دڵ ڕەقیو زبری لە هەڵوێستدا زۆرجار دۆستت لەدەور ناهێڵێ، میر محمدیش بەو دەردە چووبوو، سەرکردە کوردەکانی شوێنەکانی تریش خۆشیان نەئەویست، هەتا بەو دڵ ڕەقی‌یەی وای کرد دزو جەردە لە وولاتەکەیدا نەمێنێ، ئەگەر جاران ئەوەی هێلکەیەکی بەدەستەوە بوایە ئەکوژرا، بەڵام لە ڕۆژانی پاشای کۆرەدا دەستی پڕ لە زێڕ نەئەترسا. (11)

دیارە ئەمە چەندە لە رووی مۆراڵیەوە سوودی هەبووە لە رووی سایکۆییەوە میری ئەوەندە مەغرور کردووە تا ئەندازەی ئەوەی ئەفسانەی ناوبانگی گەیشتووەتە پلەیەك خدێوی میسر داوای هاوکاری لێ کردووە بۆ روخاندنی حکومەتی ئەستەمبوڵ.. کە ئەم ناوبانگەش کێشەی خۆی لە هەناویدایەو گورزی خۆی دەهاوێژێو ئەبێتە یەکەم پلەی نسکۆی ئابی 1836، هەرچەندە لەشکرەکەشی تۆکمە بوو ژمارەشی لە (50.000)تێپەڕی کردبوو. (12)

لەژێر دەستەڵاتی دڕك و لەپاڵ پەرژینی ئاگردا رای جیاواز پاشەکشە ئەکات، دەنگی نەخێر کپ ئەبێت بەڵام ناتوێتەوە.. گینگڵ ئەداو چاوەڕێ ئەبێ ڕۆژێك بە بیانوویەك دەرئەکەوێتەوە...

سەدری ئەعزەم کە هەست بە قەوارەی میرنشینەکە ئەکات، ئەکەوێتە خۆیو والی بەغداو موصل ئاگادار ئەکات و لەگەڵ محمد ڕەشید پاشادا پێکەوە هێرشی بۆ دەهێنن .. میر محمد لە ئاکرێ ئەبێ کە سووسەی ئەم هێرشە ئەکات ئەگەڕێتەوە ڕەواندزو ئەکەوێتە بەرگری لە هێرشە سێ قۆڵیەکە کە لە ((موصڵ)) و ((بغداد)) و ((گەلی علی بەگ))ەوە بۆی دەکشێن.

ئازاییو گیان لەسەردەستی لەشکرەکەی میر رمحمد لە سەرەتادا رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ لە پارێزگاری سنووری میرنشیندا، وەك ئەڵێن: لەشکری میر محمد لە هی نیمچە وولات ئەچوو نەك میر نشین. (13)

لاوازی دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانی ئەوکاتە ختووکەی ئەوەی ئەدا ببێتە هاوشانیان، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم هەر لە منالیەوە خولیای سەربەخۆیی لەسەردابوو. (14)

بەڵام خۆزگە ئەو ئازادیەی لەلای بوو بوو بە خولیا بۆ بەدەر لە خۆشی پێ ڕەوا بوایە، چونکە زۆرجار سەرکردەیەکی دیاری کراو کە ئەتوانێت کیانێکی سیاسی بۆ چەند ساڵێك بەرەو پێشەوە بەرێت کاتێك دەرك بەوە ئەکات لە هۆبەی کێشەکان نایەت بەر بۆ نەوەی دوای خۆی چۆڵ بکات بۆ ئەوەی قیادەو قەواعید پێکەوە هەرەس نەهێنن، وەك چۆن (نێلسۆن ماندێلا) پاش سی ساڵ زیندانی تەنها چوار ساڵ رازی بوو لەسەر کورسی سەرۆکایەتی پارت و کۆمارەکەی دانیشێو رۆژی 16/ دیسەمبەر / 1997 لە کۆنفرانسی پارتەکەیدا ووتی: نەوەی ئێمە بەشی خۆی ئەنجام دا، ئیتر نۆرەی نەوەی پاش ئێمەیە)). (15) بەڵام ئەفسووس ئەوە لە شۆڕشی کوردیدا یان وێنەی نی‌یە یان زۆر کەمە. کە زۆرجار خاڵێکی تەواو جەوهەریە بۆ گەرم و گوڕ کردنەوەی قەواعیدو گۆڕینی رای بەرامبەرەکان لەگەڵ کورددا .. چونکە زۆرجار سیاسەتی جیهانی لەسەر تاکی سەرکردەی کوردی

یان هەر گەلێکی تر دادەڕێژێ، (16) جا ئەگەر سلبی بوو گۆڕینی سەرکردەکە کاریگەری دەبێ لەسەر گۆڕینی جۆری سیاسەتەکە ..

ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی دڵی بەدەست تێکەڵ کردنی ئێران خۆشبوایە لە ناوچە کوردیەکاندا ئەوا پاش ئەوەی کە میر محمد هێرشی بۆ چەند ناوچەیەکی ئێران کردبوو ئەویش پەلاماری ئەداو ئەمەش خواستی بەریتانیا بوو .. (17)

بەڵام ئەوە ڕووی نەداو خودی دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتادا بۆیە لای ئاسایی بوو سنووری میرنشینەکە پەرەبسێنێ بۆ ئەوەی لەڕووی ئێراندا بوەستێتەوە .

هەرچەندە هەندێك سەرچاوە باسی لەشکرکێشی ئێران دەکەن بۆ ناو سنووری میرنشینەکە .. (18) لەگەڵ ئەوەشدا فراوان بوونی جوگرافیای میرنشینەکە هەمووی هەر ئیجابی نەبوو، بۆ نموونە: گرتنی ((سنجار)) و کوشتنی هەزارەها کەس و بەدیل گرتنی سەدەها منداڵ و ئافرەت ، (19) وەکو د. کاوس قەفتان ئەڵێ: لە ناوزڕاندن بەولاوە هیچی تری بۆ نەهێنا .. (20) ئەو توندو تیژیەی میر محمد دۆستی لەدەور نەهێشت، تەنانەت میری بۆتانیشی لەخۆی ڕەنجاند .. ئەو چەندە قەڵاو پردی ماددی دروست ئەکرد قەڵاو پشتی مەعنەوی خۆی ئەوەندەدەرماندو بێباك بوو لە داغان کردنی پردە مەعنەویەکانی میرنشینەکەی و بە خەرج دان و ڕازاندنەوەی سفرەو خوان بۆ سەدان سەرەك عەشرەت و بە دووقات کڕینی چەك و جبەخانە .. (21) هۆکارێکی تری نسکۆی میرنشین کورت بینی میر محمد بوو لە سیاسەتدا بەڕادەیەك بڕوای بە بەڵێنی بەریتانیاو دەوڵەتی عوسمانی دوژمنی کردو خۆی دا بەدەستەوە . (22)

بەریتانیاش نەیدەویست لەوە زیاتر دەوڵەتی عوسمانی لاواز بێت.

## دواهەمین ڕۆژەکانی میرنشین:

سەرەڕای ئەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، لەگەڵ بوونی چەندین هۆکاری تریش کە لە سەرچاوە مێژوویەکاندا هەڵوێستەیان لەسەر کراوە، گومانم نییە کە ئەم نەتەوە سەردەستانە بۆ کۆیلەکردنی گەلی کورد پێویستیان بە دڕندانەترین میتۆدو چەواشەترین کولتوور بووە .. (23) کوردستان هیچ کاتێك خاکی خۆی لەبەردەم هێزە داگیرکەرەکاندا والانەکردووەو ئەم حاڵ و بارە لە دەورانی ئاشووریەکانەوە دەستی پێکردووە .. هەروەها لە سەردەمی حوکمی ئێرانیو ڕۆمانیو یۆنانیو سەلجووقیو عەرەبەکانیشدا بەردەوام بووە .. (24)

هێرشی سێ قۆڵیش پەلی هاوێشت و لە هەوڵی خۆی نەکەوت، میللەتیش هەژارو نەخوێندەوار بوو .. (25) لەژێر باری هەژاریو قورسی ئەرکی بەڕێوەبردنی سوپادا توانای داهێزرابوو .. میر وەك لەکاتی هەی هەی دا بەورە بوو لەکاتی وەی وەیدا وانەبوو سەری لێ تێکچوو بوو وەك سەرکردەیەکی خاوەن ئامانج گەرم و گوڕ نەبوو

لەسەر هەڵوێستی رابردووی خۆی بەڵكو چاوەڕوانی لێبوردن و بەخشندەیی سوڵتانی عوسمانی بوو، هەر ئەم هەستەی دەروونیشی بوو كە وای لێ كرد كە لەلای سوڵتانی عوسمانی ببێتە خاوەنی مەدالیای (میری میران) (26) ئەگینا ڕێی تێ ناچێ میرنشینێكی وەها بەهێزو دەسەڵات بە فتوای مەلایەك وەها زوو برمێت، چونكە ئەوی ڕاستی بێت میری سۆران، كاتێك دەوڵەتی عوسمانی پەلاماریدا، خۆی بڕیاری شەڕوەستاندن و خۆبەدەستەوەدانیدا، بەڵگەش ئەوەیە ئەحمەد بەگی برای بڕیاری بەرهەڵستی دابوو بۆ ئەمەش داوای لە سوپاكە كردكە كێ شەڕی ناوێ لابداتە لای كاكی میری سۆران و مەلای خەتێ (خاوەنی فتواكە)، ئەوەی شەڕیشی ئەوێت لابداتە لای ئەو، لە ئەنجامدا لە چەند كەسێ بەولاوە كەسی تر لای نەدایە لای میری سۆران و زۆربەی سوپاكە بە ئەفسەرو سەربازەوە لایان دایە لای ئەحمەد بەگ. (27)

بۆیە ناچار پاشای كۆرە خۆیدا بەدەست سەدری ئەعزەمەوەو ئەویش ناردی بۆ ئەستەمبوڵ و سوڵتانی عوسمانی ڕێزی لێ گرت و بە سەركەوتنێكی گەورەی زانیو پاش ماویەك ناردیەوە بۆ ڕەواندز .. والی بەغداد لێ نەگەڕا پاشای كۆرە ئاسوودە بێو سوڵتانی هەڵ نا كە لەوانەیە جارێكی تر ئاولێڵ بكاتەوە بۆیە سوڵتانیش ناردی بەدوایداو لە لەناوچەی ((تەرابەزوون)) تووشی بوون و لە ساڵی 1946 دا بە نامەردانە كوشتیان .. (28) هەرچەند میرنشین هەرما بەڵام هەر ناو بوو ناوەڕۆك پوچ و قرچۆك بوو بوو ..

**بوونی فتواكە لەنێوان ڕاستیو وەهمدا :**

لە كتێب و سەرچاوە مێژووییەكاندا زۆر نووسراوە لەسەر ئەم فەتوایە (29) بە سەلبیو ئیجابی .. بە وەرگرتن و بە ڕەدكردنەوە ..

**یەكەم:** ئەگەر بگونجێ با بڵێین نوێنەری رای سەلبی لەسەر فەتواكە ئەم نووسەرە بەڕێزانەن، كە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە ئەمانەن بەها بۆ هیچ هۆكارێكی تر ناهێڵنەوە بەڵكو زیاتر هۆكارەكە ئەگێڕنەوە بۆ بوونی فتواكەو گرنگی لە دەروونی لەشكرەكەی میر محمددا كە ترساون لەوەی بە جەنگ كردنیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا لەڕووی ئاینیەوە بێ باوەڕ بن و لەڕووی كۆمەڵایەتیشەوە بێ خێزان بمێننەوە.

ئەمەش نووسەرەكانن :

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی سەرچاوە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| 1 | حوسێن حوسنی موكریانی | مێژووی میرانی سۆران | 84.83 |
| 2 | د. جەلیلی جەلیل | كوردەكان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. و: د. كاوس قەفتان | 185.184 |
| 3 | علی سەیدۆ گەورانی | من عمان الی عمادیة | 133 |
| 4 | لۆن گریك | أربعة قرون من التأريخ العراق الحديث | 343 |
| 5 | د. عبدالفتاح علی یەحیا | ملحق اضافي – ل – الامیر الكردي | 289 – 290 |
| 6 | د. صادقی شەرەفكەندی | كورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتیەكانی كورد.. و: تەها عەتیقی | 28 |
| 7 | د. جمال نەبەز | نامەی دكتۆراكەی. وەرگێڕانی : فخری سلاحشور | – |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 8 | هەژاری موکریانی | پێشەکی شەرەف نامەو پەراوێزی شەرەف نامە | 508 |

**دووەم:** ئەگەر گونجاو بێت، ئەکرێت لەسەر نوێنەری رای ئیجابی فەتواکەش ئەم نووسەرە بەرێزانە ناوزەد بکەین:

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی سەرچاوە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| 1 | کامەران جەمال بابان زادە | میرنشینی سۆران | 76 |
| 2 | مەسعود محمد | گۆڤاری رۆژک ژمارە (1) | 26و27 |
| 3 | علاءالدین سجادی | مێژووی راپەڕینی کورد | 45 |
| 4 | مەمدوح مزوری | بنەماڵەی بەناوبانگی رەواندز | 48 |
| 5 | د. محمد مەلا ئەحمەد گەزنەیی | گۆڤاری رۆژک ژمارە (1) | 28 |
| 6 | د. دلێر اسماعیل حەقی شاوەیس | گۆڤاری رۆژک ژمارە (1) | 30 |
| 7 | کەریم شارەزا | گۆڤاری رۆژک ژمارە (1) | 32 |
| 8 | د. کاوس قەفتان | چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی بابان .. سۆران .. بۆتان | 56و 56 |
| 9 | مومتاز حەیدەری | گۆڤاری رۆژک ژمارە (1) | 34 |
| 10 | طارق جامباز | گۆڤاری رۆژک ژمارە (1) | 37 |
| 11 | دەیڤد ماکدۆڵ | مێژووی نوێی کوردان. و: سەلام ناوخۆش | 44.42 |
| 12 | سەلام ناوخۆش | بەرەو راستکردنەوەی مێژووی سیاسیمان/ بەشی (3) | 8 |
| 13 | شێخ سلێمان مستەفا فەندی | گۆڤاری رۆژک ژمارە (1) | 38 |
| 14 | مەلا عبداللە مەلا سعید گرتگی | گۆڤاری رۆژک ژمارە (1) | 35 |
| 15 | محمدی حاجی کریم | گۆڤاری رۆژک ژمارە (1) | 23 |

**کورتەی هەردوو ڕاکە :**

**أ-ڕای سەلبی لەسەر فەتواکە :**

1-مەلای خەتێ لە ڕۆژێکی هەینیو لە مزگەوتی گەورە ووتی: هەرکەسێ شەڕی عوسمانیەکان بکات، بەبێ باوەڕ دائەنرێ و تەلاقیشی دەکەوێ. (30)

2-فتوای دا هەرکەس لەگەڵ سوپای عوسمانی شەڕ بکات. کافرە، بەڵام میر محمد هەرچەند پیاوێکی بەبیرو باوەڕو دیندار بوو، فریووی نەخواردو تەسلیم نەبوو، بە پێچەوانەی فەتوای مەلای خەتێ، ئامادە نەبوو بوو لەگەڵ فەرماندەری گشتی عوسمانیدا وت و وێژ بکات. لەگەڵ ئەمەشدا نەی وێرا تین بۆ مەزهەبیەکان بێنێ. لەڕاستیدا لە دژ کردەوەی کۆمەڵانی خەڵکی دەترسا، لە ئاکامدا دەوروبەری میر محمد بەرەبەرە بڵاوەیان کرد، میر کە تا ڕادەیەك تەنیا مابووەوە بە ناچاری خۆی بەدەستەوە داو عوسمانیەکان بە ژن و منالەوە ناردیانە ئەستەمبوڵ و لەلایەن سوڵتان محمدی دووهەمەوە بەگەرمی پێشوازی لێ کرا. (31)

3-مەلای خەتێ چونکە پەروەرشی دەستی داود پاشای کورجی زادەی والی بەغداد بوو، دەست بەجێ ترویجی کردو فەتوای دا کە شەڕ لەگەڵ سەلاطینی سائیری والی عوسمانیدا طەلاق و باوەڕی ڕەخنەی هەیەو دڵی کوردی هەژاری لە شەڕ خاو کردەوە. (32)

4-مەولانا خەتێی پایەبەرز فەرمووی: شەڕی مەکە، لێگەڕێ بچینە لایو تەسلیمی ببین. هەروەها ئەڵێ: وابزانم کە مەلای خەتێ کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو بەرتیلەی کە عوسمانیەکان پێشکەشیان کردبوو. بۆیە میر لەگەڵ مەلادا یەکسەر هەڵسان و چوونە لای ڕەشید پاشا. (33)

**ب-ڕای ئیجابی لەسەر فەتواکە :**

1-مەوزوعی ڕوخانی میرنشینەکە جێی مشتومڕو موناقەشە نیە، شتەکە زۆر ڕوونە، ئەو خیانەتەی کە باس دەکرێ ڕەتیان کردووەتەوە، بۆ نموونە: مەلا محمدی مەلا شێخ طەی بالیسانیکە بۆ خۆیان نەقشبەندی بوون. کە ئەڵێم نەقشبەندی بوون واتا ئەو تەریقەتە لەگەڵ مەزهەبی مەلای خەتێدا زۆر جیاواز بووە کەچی ئەو سوێندی خواردو گوتی: ئەو کابرایە پێی خوار دانەنابوو، بەڵکو کتێبەکەی (سەید حوسێن) ئەو هەرایەی نایەوە. (34)

2-ئەی نەمانی میرنشینەکانی تری (ئەردەڵان ، بابان، بۆتان) .. هتد هەر بە فەتواکەیمەلای خەتێ بوو؟؟؟!!! (35)

3-لە سیەکانی ئەم سەددەیەدا (موکریانی) دەچێتە ڕەواندزو لەوێ دەزانێ بنەماڵەی مەلای خەتێ کە یەکێك بوون لە بنەماڵە ناسراوەکانی ڕەواندز. ئەو کاتە لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا نێوانیان تێك دەچێت لەسەر زەویو بەراوی ئەمانەت هەر لەو کاتەشدا ((مێژووی میرانی سۆران)) دەنووسێو ڕق و کینەی خۆی پێیان دەڕێژێ. (36)

4-لە ئەنجامی هێرشی تورك بۆ سەر میرنشینی سۆران و برانی ئاوو خواردەمەنی لە هێزەکانی پاشای کۆرە لە شاری ڕەواندز، پاشای کۆرە خۆی دایە دەست هێزەکانی تورکەوەو بە دیلی بردیان بۆ ئەستانە لە مانگی (8)ی 1836دا. (37)

5-هەڵبەستنی ئەم قسەیە بۆ مەلای خەتێ بە دوژمنایەتیەکی شەخصی ئەزانم، کە ناحەزانی بۆیان هەڵبەستووە. (38) – لە درێژەی ڕاکەیدا ئاماژە بەوە ئەکات کە لە شەڕی ئیسلامدا بەو شێوەیە نیە مرۆڤ بە جەنگێکی لەو شێوەیە کافر ببێو تەلاقی بکەوێ –.

6-فەتواکە بە فەرمانی میر بووە، گەر وانەبوایە مەلای خەتێ کو ئەیتوانی ئەو جۆرە فەتوایە بداو لە بن لووتی میریشدا دابنیشێو هیچ منەتیشی پێ نەبێ، ئەگەر بە فەرمانی میر نەبوایە دەرحاڵ ئەیکوشت و کەسیش نەبوو بڵێ بۆ وات کرد. (39)

7-ئەم کورتە نووسینەی دەیڤد ماکدۆڵ کە لە لاپەڕە 42 – 44ی کتێبەکەی ((مێژووی نوێی کوردان)) بە ناوی ((میر محمدی ڕەواندزو هەرەسی میرنشینی سۆران)) بڵاوکراوەتەوە تەواو ئەو ڕایانە پوچەڵ دەکاتەوە کە کەسێکی وەك مەلای خەتێ فەتاوی وای دابێ. ماکدۆڵ لەم نووسینەدا، ئەوە دەخاتە ڕوو کە ڕیچاردودی جاسوسی ئینگلیز لە ناوچەکەدا ڕۆڵی سەرەکی بینیووە. لە قەناعەت پێ هێنانی میر محمد کە تەسلیم بە سوپای عوسمانی ببێ. (40)

8-من پێم وایە ((مەلای خەتێ)) فەتواکەی داوە، بەڵام بۆ بەرژەوەندی کوردو خەڵکی ناوچەکە. (41)

9-هیچ کامیان دەقی ئەو فەتوایەیان لانیە، کە چارەنووسی میرنشینی سۆرانی یەکلا کردۆتەوە. هەندێ جاریش دەبیستین، کە ئەم فەتوایە هەیە، بەڵام دەپرسین گەر هەبێ بۆ بڵاوناکرێتەوە. (42)

**دەرەنجامی کۆتایی :**

وەك ئەزانین لێكۆڵینەوەی مێژوویی پێویستی بە سێ خاڵی سەرەكی هەیە:

1–كۆكردنەوە (تجمیع) 2–پۆلێن كردن (تصنیف). 3–یەك لاكردنەوە (ترجیح).

ئێمەش ئێستا لە خاڵی سێهەمداین و پێمان وایە، پاش بوونی هۆكارێكی زۆری دەرەكیو بەرژەوەندی پارێزی جیهانیو ئیقلیمیو سەرەڕای بوونی چەندین فاكتەری سیاسیو ئەمنی قەومی توركیو هۆكاری تری زاتیو بابەتی ناوخۆی میرنشینەكەو خودی كەسیەتی میر محمد كە وەك پێشتر ئاماژەمان پێ كرد، لەسەر داخوازی میر محمد مەلای خەتێ ئەو فەتوایەی داوە لەپێناوی گەلی كوردو پاراستنی قەواعیدی میرنشینەكەدا چونكە چ میر محمد و چ مەلای خەتێو چ هەركەسێكی هۆشمەندی ئەو سەردەمەو خاوەن ڕووبینای ئەمڕۆ بەسەر كێشەكەدا ئەوەیان لائاشكرایە كە جوگرافیاو دەستەڵات و ژێرخانی ئابووری ئەو میرنشینە نە دەوڵەتی بەریتانیو نە عوسمانیو نە ئێرانی پێیان قوت نەئەچوو والی بەغداش ئاگری بن كا بوو بۆیە یان ئەبوایە جەنگی بكردایەو ئاكام هەم میرنشین ئەڕوخاو قیادە تیا دەچوو، هەم گەلی كورد زیانی ماڵیو گیانی زۆری لێ ئەكەوت و قەواعیدیش تەفرو تونا ئەبوو .. یان جەنگی نەكردایە بۆ ئەوەی هەر میرنشینەكە لەدەست دەربچێو زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە ئەگەر قازانجیش نەبێ هەر باشە ...

جا میر محمد بە خۆیو مەلای خەتێو ئەحمەد بەگی برایو چەندین كەسی تر رای دووەمیان هەڵبژاردووەو راگەیاندنی راكەشیان سپاردووە بە تاكتیكێكی عاقڵانە كە كاریگەری باش و خێرای هەبێ لەسەر دەروون، كە ئەویش مینبەری مزگەوتەكەی مەلای خەتێ بووە كە بۆ خۆی قوتابخانەیەكی گەورەی ئایینیو راوێژكاری هەرە لەپێشی میر محمد بووە كە ئەم تاكتیكەش لەڕووی سیاسیەوە بەهای خۆی هەیەو سەركردە لە داننان بە ناهاوسەنگی شەڕو بەرگریو توانای هاوكێشە سیاسیو عەسكەریەكان دەپارێزی و جۆرێ لە بەرائەت بۆ میر محمد یاداشت دەكات.

**<u>پەراوێزەكان :</u>**

(1) نموونە زۆرە لە یاداشتەكانی رۆژانەی سەركردە كوردیەكان كە تا ئێستا هەندێكیان چاپ و بڵاوكراونەتەوەو هەندێكیشیان دەست نووسن و بەڵگەی ئەم ڕایەن، لەگەڵ تێبینی ئەوەی كە تا چەند ئەو یادەوەریانە بە ئەمانەتەوە یاداشت كراون.

(2)ئەكرێت بۆ زیاتر زانیاری لەسەرئەم رایە چاوێك بە شۆڕشەكانی:

(شێخ سەعیدی كلدار 1925، یەزدان پەنا 1835، شێخ عوبەیدڵلای شەمدینان 1881، شەریف پاشا 1919، قازی محمد 1946، ئیبراهیم خانی دەلۆ 1920. شێخ محمودی حەفید 1931 ... هتد) بكرێت.

(3)رحلة فریزر الی بغداد. ل 31 نووسینی: جێمس بیلی فریزر. بغداد 1964.

(4)(چەند لێكۆڵینەوەیەك لە مێژووی بابان .. سۆران .. بۆتان) نووسینی: د. كاوس قەفتان. د. كەمال مەزهەر ئەحمەد پێشەكی بۆ نووسیوە. چاپخانەی الحوادث / بغداد – 1985. ل 43 بە كورت كردنەوە

(5)أربعة قرون من تأریخ العراق الحدیث. بغداد 1962. ل 7 .

(6)ئەمە ووتەی (جەلادەت بەدرخان)ە لە ساڵی 1932 دا ووتوویەتی. / كوردو شۆڕش و هەلی مێژوویی. حوسێن محمد عزیز / 2000 / چاپی دووەم / ل 99 .

7–خەبات لەڕێی كوردستاندا. نووسینی: هـ. ك. خالفین. وەرگێڕانی لە رووسیەوە جەلال تەقی.

8–مێژووی راپەڕینی كورد / عەلائەدین سەجادی ل 43 .

9–پەراوێزی (4) ل 45 .

10–هەركەس ناوی لە كۆتایی ووتاری هەینیدا بخوێنرایەتەوە ئەوە نیشانەی ئەوە بوو سەرۆكی دەستەڵاتی وەخت.

(11)حياة بدائية بين الأكراد. لندن. (1870) ل 185 .

(12)مێژووی راپەڕینی کورد / علاءالدين سجادی ل 44 .

(13)پەراوێزی چوار ل 47 .

(14)مێژووی نەتەوەی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ. صالح قەفتان. بەغداد . 1969 ل 298 .

(15)گەلێکی پەژموودەو نیشتمانێکی پەرت (کوردو کوردستان)، لیژنەیەك نووسویەتی بە سەرپەرشتی: ژیرارد چالیاند. وەرگێڕانی لە عەرەبی‌و فارسی‌یەوە: م. گۆمەیی. لە ئینگلیزییەوە: أ. حەوێزی. سوید – 1998 ل 21 .

(16)پێم وایە تەبابوونی گەرمی رای جیهانی لەسەر دانانەوەی د. بشار پاش باوکی لە سووریاو شا عبدالله لە ئوردن بەلگەن لەسەر ئەم لێکدانەوەیە لەگەڵ بوونی هۆکاری تریشدا، کە ئەم دانانەوەیە (کوڕ لەجێی باوك) هەرگیز بۆ خۆیان قوت ناچێ. بەڵام بۆ بەدەر لە خۆیان جەختیشی لەسەر ئەکەنەوە دەستی خۆیان نی‌یەو ماری پێ ئەگرن.

(17)تأريخ العراق الحديث. د. عبدالعزيز سليمان نوار. القاهرة 1968 ل 105 .

(18)وەکو ئەم سەرچاوەیە: کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی. جەلیلی جاسم.

(19)امارة بهدينان. صديق الدملوجي. الموصل 1952. ل 45 .

(20)پەراوێزی (4) ل 55 .

(21)تأريخ الدول والامارات الكردية، محمد ئەمین زەکی بەگ. قاهیرە / 1945 ل 411 .

(22) پەراوێزی (4) ل 56 .

(23)بەرەو مێژوو – کورتە باسێکی فیکریی – مێژوویی. / ڕەفیق سابیر. سوید 1991 ل 49 .

(24)کوردستان و ڕاپەڕینەکانی کورد/ عەبدولعەزیز یا مولکی / وەرگێڕانی لە تورکی عوسمانیەوە: شێرزاد کریم. سلێمانی / 1999 ل 43 .

(25)تأريخ الدول والأمارات الكردية. محمد ئەمین زەکی بەگ. ل 208 .

(26)خلاصه تأريخ الكرد وكردستان. . محمد ئەمین زەکی بەگ. قاهرە / 1939 ل 229 .

(27)پەراوێزی (4) ل 57 ، هەروەها مێژووی میرانی سۆران. حوسێن حوزنی موکریانی ل 66 .

(28)مێژووی راپەڕینی کورد. / علاءالدين سجادی. ل 45 ، هەرچەندە ساڵی کۆچی دوایی میر محمد قسە هەڵدەگرێ‌و لە ((هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد))ی هاوڕێ باخەوان دا ل 89 ئەڵێ: 1837 پاشای کۆرە کوژراوەو سەرچاوەی تریش هەیە ساڵی تری ئاماژە پێ کردووە..

(29)گۆڤاری زۆزك لە ژمارەی (1) کانوونی دووەمی 1999 دا تەوەرەیەکی لەسەرئەم فەتوایە کردەوە بەناوی ((فەتوای (مەلای خەتێ) لەنێوان ڕاستی‌و ناڕاستیدا)) کە خزمەتێکی زۆری بەم لایەنە کردووەو سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەم بەشەی ئێمەشە، لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تردا.

(30)الأمير الكردي – ملحق اضافي / د. عبدالفتاح علي يحيى – ل[289 - 290] .

(31)كورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد. ن: د. صادق شەرەفکەندی. و: تەها عەتیقی. سوید. ل[28] .

(32)مێژووی میرانی سۆران./ حوسێن حوزنی موکریانی. ل[83–84] .

(33)د. جمال نەبەز چۆن دەربارەی میر محمد و هەرەسی دەوڵەتی سۆران دەدوێت / نووسینی: عومران محمد علی. گۆڤاری زۆزك (1) ل[41] .

(34)مەسعود محمد / (مەلای خەتێ) نەك تەنها ئینسانێکی پاك بووە، بەڵکو تا بڵێیت ئینسانێکی کورد پەروەرو دڵسۆزیش بووە. گۆڤاری زۆزك ژ (1) ل[27] .

(35)د. دلێر اسماعیل / گۆڤاری زۆزك ژ (1) ل[31] .

(36)میرنشینی سۆران / کامەران جەمال بابان زادە. ل[76] .

(37)هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد / هاوڕێ باخەوان / 1999 ل[89] .

(38)مێژووی ڕاپەڕینی کورد. علاءالدين سجادی ل[46] .

(39)مەمدوح مزوری / بنەماڵانی بەناوبانگی رەواندز. ل[48] .

(40)بەرەو راستکردنەوەی مێژووی سیاسیمان (3) / نووسینی: سەلام ناوخۆش. / 2000 ل[8] .

(41)شێخ سلێمان مستەفا فەندی / (مەلای خەتێ) دوو بۆچوون و مەزەندەیەك. گۆڤاری زۆزك ژ (1) ل[38] .

(42)تارق جامباز / گەر ئەم فەتوایە هەیە، بۆ بڵاوناکرێتەوە؟ گۆڤاری زۆزك ژ (1) ل[37] .

* * *